


# میسی

## بووە باشترین یاریزانی جیهان

لە مەراسیمی ساڵانەی فیفا بۆ دەستنیشانکردنی باشترینەکانی ساڵ، لە شاری میلانۆی ئیتاڵیا و بە ئامادەبوونی جیانی ئینڤانتینۆ، سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی جیهان (fifa) بەڕێوەچوو.

ئا:ڕێبین ڕەمزی









خەڵاتەکان لەسەر ئاستی پیاوان، لیۆنێل مێسی ئەرژەنتینی و یانەی بەرشلۆنە، خەڵاتی باشترین یاریزانی ساڵی ٢٠١٩ی بەدەستهێنا، لیۆ دوای وەرگرتنی خەڵاتەکە گوتی: سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم، کە دەنگیان پێداوم، سوپاسی هاوڕێکانم دەکەم، یەکەمجارە ماتیۆ و تیاگۆ لەگەڵ من ئامادەی ئەم ئاهەنگانە بن، ئەوان دڵخۆش بوون کە من خەڵاتەکەم وەرگرت.

لەسەر ئاستی راهێنەرانیش، یۆرگن کلۆپی راهێنەری یانەی لیڤەرپوول وەک باشترین راهێنەری ساڵی ٢٠١٩ دەستنیشانکرا، دوای ئەوەی لەگەڵ یانەی لیڤەرپوول توانی وەرزی رابردوو خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا و نازناوی سووپەری ئەورووپی بەدەست بهێنێت.

هەروەها باشترین گۆڵپارێزی ساڵیش بۆ ئەلیسۆن بیکەری گۆڵپارێزی یانەی لیڤەرپوول بوو، دوای ئەوەی لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل نازناوی کوپا ئەمریکای بەدەستهێنا و لەگەڵ یانەکەی بووە پاڵەوانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا.

لەسەر ئاستی خانمانیش، میگان رابینۆ، یاریزانی هەڵبژاردەی ئەمریکا و یانەی رینی ئەمریکی وەک باشترینی ساڵ هەڵبژێردرا.

جیل ئەلێکس راهێنەری هەڵبژاردەی ئەمریکا خەڵاتی باشترین راهێنەری ساڵی ٢٠١٩ی فیفای بەدەستهێنا.

وەک نەریتی ساڵانە فیفا باشترین پێکهاتەی ساڵی ٢٠١٩ی دەستنیشان کرد کە پێکهاتبوون لە گۆڵپارێز ئەلیسۆن بیکەر، هێڵی بەرگری، ماتیاس دیلێخت، سێرخیۆ رامۆس، ڤیرجل ڤاندایک و مارسێلۆ.

لە هێڵی ناوەندیش، لوکا موودریچ، فرانکی دیۆنگ دەستنیشانکران.

لە هێڵی هێرشبردن کیلیان ئیمباپێ، لیۆنێل مێسی، ئیدین هازارد و کریستیانۆ رۆناڵدۆ.

## ● کوڕ و دایکێک بوونە هاندەری نموونەیی

سیلڤیا گریکۆی دایکی نیکۆلاس، خەڵاتی هاندەری ساڵی لەلایەن فیفاوە پێدرا.

سیلڤیا، کە بە دایکی نموونەیی ناسراوە لەگەڵ کوڕەکەیدا، کە خاوەن پێداویستی تایبەتە و نابینایە هاندەری یانەی پالمێراسی بەرازیلین، هەر لە منداڵییەوە کوڕەکەی بردووەتەوە یاریگە و هانی یانەی پالمێراسیان داوە.



نیکۆلاسی کوڕی سیلڤیا لەگەڵ ئەوەی نابینایە، بەڵام بەدڵ هاندەری یانەی پالمێراسە، ئەو لە منداڵییەوە لەوکاتەی، کە چووەتە نێو یاریگە بە هێدفۆن لە ڕێگەی رادیۆوە گوێبیستی بێژەری یارییەکە بووە و لە ڕووداوەکانی نێو یارییەکە ئاگاداربووە، بەڵام دایکی دەڵێت: هەستم کردووە کوڕەکەم ئاوێتەی یارییەکە نابێت، بۆیە بڕیاریداوە لە هەموو یارییەکاندا لەبن گوێی کوڕەکەی قسەبکات و باسی ڕووداوەکانی نێو یارییەکەی بۆ بکات.

ئەم خەڵاتە ماوەی سێ ساڵە پێشکەش بە هاندەران دەکرێت، بەڵام یەکەم ساڵە لەسەر ئاستی تاک دابەشبکرێت، پێشتر هاندەرانی یانەی سێڵتیک لە ساڵی ٢٠١٧ و هاندەرانی هەڵبژاردەی پیرۆ لە ساڵی ٢٠١٨ ئەم خەڵاتەیان بردووەتەوە.

**● کۆپییەکەی ڕۆناڵدۆ بەسەر مێسیدا سەرکەوت**

دانییێل زۆری، یاریزانی هەنگاری بووە براوەی خەڵاتی پوشکاش بۆ جوانترین گۆڵی ساڵی ٢٠١٩.

دانێل، کە بە ڕەچەڵەک خەڵکی ڕۆمانیایە و هەڵگری وڵاتنامەی هەنگاریایە، یاریزانی یانەی دێبرێسینی هەنگارییە و ئەو گۆڵەی، کە لە ١٦ ی شوباتی ئەمساڵ لە تۆڕی یانەی فرێنتسڤارۆشی کرد، بووە براوەی خەڵاتی جوانترین گۆڵی ساڵ، کە ناوی خەڵاتەکە پوشکاشە.

زۆری بەسەر هەریەکە لە لیۆنێل مێسی و خوان کێنتێرۆی مەکسیکیدا سەرکەوت بووە براوەی خەڵاتی پوشکاش، ئەمە لە کاتێکدا ئەو یاریزانە تەمەنی تەنیا ١٨ ساڵانە.

ئەو یاریزانە لە لێدوانێکیدا دوای بردنەوەی خەڵاتەکە گوتی: کاتێک، کە ئادام بۆدی تۆپەکەی بۆ بەرزکردمەوە، لە دڵی خۆمدا گوتم بۆچی نا، پێویستە بیکەی، هەروەها زۆری گوتی: من چەندینجار ئەو کارەم لە مەشقەکان تاقیکردووەتەوە و ئەمەش وەک لاساییکردنەوەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی پۆرتوگالی بوو، کە نموونەی بەرزی منە و ویستم کۆپییەک لە گۆڵەکەی ئەو بکەم.

گۆڵەکەی زۆری بە شێوەی ئەکرۆباتی و بە دەبڵکیک کردی، لە کاتێکدا لەو یارییدا بەشێوەی یەدەگ هاتبووە نێو یاریگەوە.

**● دیمانەی مێسی لەگەڵ ماڵپەڕی فیفا**

دوای بردنەوەی خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهان لیونێل میسی دیمانەیەکی لەگەڵ ماڵپەڕی فیفا ئەنجامدا.

**ماڵپەڕی فیفا: تۆ زۆر خەڵاتت بردووەتەوە، بەڵام ئەمە یەکەم زە بێستە بیبەیتەوە، هەستت چییە؟**

لیۆنێل مێسی: بێگومان زۆر دڵخۆشم، بەڵام وەك ئەوەی هەمیشە گوتوومە تیپەکەم و دەستکەوتە بەکۆمەڵەکان گرنگترن، بەڵام زۆریش دڵخۆشم و شەوێکی تایبەتە، کە ئەو ساتەوەختە دەگمەنانە لەگەڵ هاوژینەکەم و هەردوو کوڕەکەم بەسەردەبەم.

**ماڵپەڕی فیفا: بە چاوپۆشین لە خەڵاتەکە، وەرزی رابردووت چۆن بەڕێکرد؟**

لیۆنێل مێسی: ئێمە وەرزێکی زۆر باش و جوانمان بەڕێدەکرد، تاوەکو ئەوەی کە لەنێو ئانفێلد ڕوویدا، دواتر بە باشی خۆمان بۆ یاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیا ئامادە نەکرد. ئێمە زۆر نزیك بووین لە یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا،



بەڵام هەموو شتێك بەشێوەیەکی ئازاربەخشانە بۆ ئێمە تەواو بوو.

**ماڵپەڕی فیفا: خەڵکی سەیریان پێدێت، کە دەبینن تۆ بەشێوەیەکی دۆستانە قسە لەگەڵ کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ دەکەی؟**

لیۆنێل مێسی: ئەوە بەهۆی ئەو ململانێ وەرزشییە گەورەیەیە، کە لە ساڵانی کۆتاییدا لەنێوانماندا هەبووە، هەروەها ئەوکاتەی ئەو لە ریال مەدرید بوو و منیش لە بەرشلۆنە، بێگومان کەسمان حەز بە دۆڕان ناکەین و قبوڵی ناکەین، بەڵام ئەوە تەنیا لەنێو یاریگەدا دەمێنێتەوە، کەچی لە دەرەوەی یاریگەدا هیچ کێشەیەکمان لەنێواندا نییە.

**ماڵپەڕی فیفا: رای تۆ لەسەر فاتی چییە و پێشبینی چی بۆ دەکەی؟**

لیۆنێل مێسی: بەڕاستی خۆشم دەوێت و پشتیوانی دەکەم، ئەو یاریزانێکی باشە و ئەو سیفاتانەی تێدایە، کە پێویستن بۆ ئەوەی ببێتە یاریزانێکی سەرکەوتوو، ئەگەر بۆچوونی منتان لەسەر ئەو دەوێت، ئەوا من لەگەڵ ئەوەدام ئەو بەشێوەیەکی لەسەرخۆ و دوور لە پەلەکردن پێبگەینرێت، وەك ئەوەی لەگەڵ منیان کرد. نابێت گوشاری بخەنە سەر، ئەو هێشتا تەمەنی ١٦ ساڵانە، توانای هەیە ببێتە یەکێك لە باشترینەکان.

**ماڵپەڕی فیفا: تازە لەوە تێدەگەی، کە ڕۆناڵدینیۆ چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکردی؟**

لیۆنێل مێسی: ڕۆناڵدینیۆ و ڕێکارد زۆر یارمەتیان داوم، لە راستیدا ئەوکات هەموو تیپەکە یارمەتییان دام، شێوازی مامەڵەیان لەگەڵم گرنگ بوو بۆ ئەوەی بگەمە ئەم ڕۆژە، بەتایبەتیش مامەڵەی ڕێکارد.

**ماڵپەڕی فیفا: هەڵبژاردەی ئەرژەنتین لە قۆناخێکی ڕاگوزەریدایە، تۆ بە کام یاریزانی سەرسامی؟**

لیۆنێل مێسی: دەزانم کە ئەوان یاریزانی بەتوانان، زۆر باش دەیانناسم، چونکە چاودێرییان دەکەم لەگەڵ یانەکانیان، دڵخۆش بووم کە لەگەڵیان بەشداریم لە کۆپا ئەمریکادا کرد.

**ماڵپەڕی فیفا: سکالۆنی بەشێوەیەکی فەرمی بووە ڕاهێنەر، چۆن باسی دەکەی؟**

لیۆنێل مێسی: ئەو ڕاهێنەرە، هەندێ شتی ڕوونی پێیە، ئەو زۆر باشە لە گەیاندنی بیرۆکەکانی و دەتوانی بە ئاسانی لێی تێبگەی و دەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ یاریزانان بکات.

**ماڵپەڕی فیفا: تۆ بیر لەوە دەکەیەوە ڕۆژێك ببیتە ڕاهێنەر؟**

لیۆنێل مێسی: پێشتر باسی ئەو پرسەم کردووە، من خۆم بە ڕاهێنەر نابینم، بەڵام کەس نازانێت چی ڕوودەدات، هەندێجار سەیری منداڵان دەکەم و دەڵێم لەوانەیە پێویست بێت ببمە ڕاهێنەری منداڵان و پەرە بە تواناکانیان بدەم، بەڵام ئێستا نا، لەوانەیە لە ساڵانی داهاتوودا.

**ماڵپەڕی فیفا: مارادۆنات بینی لەگەڵ تیپە نوێیەکەی؟**

لیۆنێل مێسی: بەڵێ بینیم و زۆر دڵخۆشم بەوەی گەڕاوەتەوە جیهانی مەشق و ڕاهێنان، ئەو لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەرژەنتین مەشقی پێداوم، زۆر چێژی لە پیشەکەی وەردەگرت، زۆریش دڵخۆشم، کە ئەو گەڕاوەتەوە نێو تۆپی پێی ئەرژەنتین.

**ماڵپەڕی فیفا: تۆ دەتەوێ بگەڕێیتەوە ئەرژەنتین؟**

لیۆنێل مێسی: زۆرجار لەو بارەوە قسەم کردووە، بەڵێ من دەمەوێت بگەڕێمەوە، خەون بەوە دەبینم گرێبەست لەگەڵ نیۆلز ئۆلد بۆیز بکەم و یاری بۆ بکەمەوە، بەڵام بڕیارەکە تەنیا بەدەست منەوە نییە، من باوکی ٣ منداڵم.

**ماڵپەڕی فیفا: لەم وەرزەدا لیگا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و کۆپا ئەمریکات لەپێشە، ئامانجی سەرەکی لیۆنێل مێسی لەم ساڵەدا چییە؟**

لیۆنێل مێسی: بردنەوەی هەموو نازناوەکان، ٤ ساڵ بەسەر بردنەوەمان بۆ نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا تێپەڕیوە، دەزانین کە پێویستە ڕۆژ بە ڕۆژ کاربکەین بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو نازناوە، هەروەها زۆر بە پەرۆشم بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بەشداری لە کۆپا ئەمریکادا بکەمەوە.

شانیا سامان

یاریزانی فوتساڵی سیروانی نوێ:

# پێویستە یانەکان گرنگیی زیاتر بە کچان و یاریی فوتساڵ بدەن

پارێزگای سلێمانی لە یارییە وەرزشیەکان خاوەنی چەندین یانەی بەتوانایە، تیپی فوتساڵی یانەی سیروانی نوێش یەکێکە لەو تیپانەی کە بۆ داهاتوو چاویان لە ئەنجامی گەورەیە، یانەکەش بە ئامانجی پێشخستنی ئاستی یاریی فوتساڵ لە سنووری پارێزگای سلێمانی و دەوروبەری، تیپێکی تۆکمەی پڕ لە کچە یاریزانی بەتوانای کۆکردۆتەوە، بۆ ئەوەی لەم وەرزەدا بەم کچە یاریزانانە بتوانێ لە خولی فوتساڵی نایابی کوردستان کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە بکات. شانیا سامان یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە و لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٣ی شاری سلێمانییە و ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی ئەم کچە یاریزانە کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی



***چۆن بوو کە یاریی فوتساڵت هەڵبژارد؟**

-لەبەرئەوەی حەز و ئارەزوویەکی زۆرم بۆ تۆپی پێ و بەردەوام سەیرکردنی یارییەکان هەیە، بڕیارمدا کە یاریی تۆپی پێی ببێتە بەشێك لە ژیانم و هەوڵبدەم تێیدا سەرکەوتووبم.

*** بەو پێیەی کە ساڵانە خولتان بۆ دەکرێتەوە، ئاستی یاریی فوتساڵ لەکوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئاستی یاری تۆپی پێ تا رادەیەك پێشکەوتوونی بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام وەکو پێویست نییە، چونکە کردنەوەی خول و پاڵەوانیەتییەکان وەکو پێویست نین.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

-کەمیی خول و پاڵەوانێتی خۆی لە خۆیدا کێشەی سەرەکیی یاریزانان و ئەم یارییەیە، بەداخەوە لە چەند ساڵێك جارێك خول و پاڵەوانێتی ئەنجام دەدرێت.

*** بەردەوامیتان لە مەشقەکان بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- کچانی سیروانی نوێ بەردەوام لە مەشق و ئامادەکاریدان، بۆ ئەوەی هەر خول و پاڵەوانێتیەك بێتە پێش، ئامادەبین.

***بۆ پێشکەوتنی ئەم یارییە چی بکرێت باشە؟**

-لەلایەن یانەکانەوە گرنگی زیاتر بە تۆپی پێی کچان بدرێت و پاشان کردنەوەی خول و پاڵەونیەتی ساڵانە لە کاتی خۆیدا، ئەمە وا دەکات ئاستی ئەم یارییە پێش بکەوێت.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چیدا رەنگ دەداتەوە؟**

-گرفتی ئێمە وەکو تۆپی فوتساڵ نەبوونی یاریگای تایبەتە بە یارییەکەمان، کە لە ناو شاری سلێمانی یاریگای تایبەت بە فوتساڵ کێشەی گەورەیە بۆ یانەکە.

*** لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

-نەخێر، لە ئێستادا لە سەرەتای کاروانی وەرزشیم و دەمەوێ ئاستی باشتر پێشکەش بکەم.

*** وەکو یاریزان بەرنامە و خەونی وەرزشیت بۆ داهاتووی خۆت چییە؟**

-دەمەوێت لەداهاتوودا گرنگی بە تواناکانی خۆم بدەم، بۆ ئەوەی لە خولەکاندا ئاستی باشتر پێشکەش بکەم و هیواخوازم لە داهاتوودا ببمە یەکێك لە یاریزانە باشەکانی کوردستان و عێراق، بۆ ئەوەش هەوڵی تەواو دەدەم تا بەو ئاستە بگەم.

***قەیرانی دارایی تا چەند بۆتە گرفت بۆ ئێوە؟**


-قەیرانی دارایی کێشەیەکی گەورەیە بۆ یارییەکانی تۆپی پێ و کاریگەریی زۆری کردۆتە سەر ئەم یارییە.

*** لە ئاستی کچاندا گرفتی تۆپی پێ لە شاری سلێمانی لە چیدا دەبینی؟**

-لە شاری سلێمانی گرفتی فوتساڵی کچان نەبوونی یانە بوو کە پێشتر تەنیا یەك یانەی فوتساڵ هەبوو، بەڵام جێگای دڵخۆشییە کە ئێستا ئێمە لە یانەی سیروانی نوێ توانیومانە تیپێکی فوتساڵی کچان دروست بکەین، کە گرنگیی زۆری بۆ شاری سلێمانی و دەوروبەریشی هەیە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتەی بە وەرزشکارانی دەکات لە کوردستان، سوپاس بۆ مامۆستا عەباس-ی راهێنەر کە لەسەرەتای دەستپێکی وەرزشیمەوە هاوکارم بووە.



# میران لە پیشەگەرییەوە خەونی گەورەی هەیە



میران خەسرۆ یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی عێراق، دوای ئەوەی ئەم وەرزە ئامادەنەبوو لەگەڵ یانەی وەرزشیی هەولێر گرێبەست نوێ بکاتەوە، لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی بە هۆی هەندێك هۆکاری تایبەت بە خۆی، بۆ ئەم وەرزەش بە فەرمی رووی کردە ریزی یانەی سحاری سەڵتەنەی عومانی، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم یانەیە لە خولی نایابی یانەکانی ئەو وڵاتە بتوانیٚ ژیانێکی تازەی وەرزشی و مێژوویەك بۆ خۆی و کوردستان تۆماربکات، لەم بارەشەوە میران خەسرۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «خولی نایابی یانەکانی سەڵتەنەتی عومان تازە دەستی پیٚ کردووە، تەنیا چەند هەفتەیەك لە یارییەکانی بەڕێوەچووە، خۆشبەختانە لەم یاریيانەدا بەشدار بووم و متمانەی دەستەی راهێنەرانم بەدەست هێناوە، ئێستاش لەگەڵ یانەی سحار سەرقاڵی ئامادەکارییەکانم بۆ یارییەکانی داهاتووم، وەکو یاریزانێکی کوردی شاری هەولێر لەم وڵاتە یاری دەکەم و زۆر زۆر ئاسوودەم، دەتوانم بڵێم یەکەم جارمە لە ژیانی پیشەگەریمدا ئەوەندە ئاسوودە بم، خەڵکی ئەو وڵاتە کە دەزانن یاریزانێکی پیشەگەرم و لە دەرەوە هاتووم، زۆر رێزم دەگرن»، لەبارەی بوونی گرێبەستی دیکەش لە خولی عێراقی میران گوتی: «زیاتر لە پێنج یانەوە گرێبەستم پێشکەش کرابوو بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکەم، بەڵام من پیشەگەریم پیٚ باشتر بوو، بۆیە رووم لە دەرەوە کرد، منیش وەکو هەر یاریزانێکی دیکە تاکو پیشەگەری هەبیٚ، بیر لە خولی ناوخۆ ناکەمەوە»، گوتیشی: «وەکو یاریزانێکی کوردی شاری هەولێر هەموو هەوڵێکم دەخەمەگەڕ، بۆ ئەوەی وەکو یاریزانێکی پیشەگەر ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم و پێکەوە بتوانین یانەکەمان بەرەو لوتکەی یانەکانی خولی عومانی ببەین، لەم وڵاتەش هیچ گرفتێکم نییە و زۆریش دڵخۆشم، دەمەویٚ لە ژیانی پیشەگەریمدا نازناوی گەورە بەدەست بهێنم، بۆ منیش وەکو یاریزانێکی کورد شەرەفێکی گەورەیە کە بتوانم لە یارییەکانی داهاتوو ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم و سەری خۆم و کوردستانیش بەرز بکەمەوە.»



# زێرەڤانی خۆی بەهێز دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی زێرەڤانی کە بڕیارە بەشداری لە کێبڕکێی یارییەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بکات، کە یارییەکانی بڕیارە لە ١٧ی مانگی ١٠ دەست پیٚ بکات، دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی زێرەڤانیش ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی رابردوو لەگەڵ ژمارەیەك لە یاریزانانی دەرەوەی شاری دهۆك کۆمەڵێك گرێبەستی کردووە، بۆ ئەوەی بتوانیٚ ئەنجامێکی گەورە لە خولی نایابی کوردستان لەم وەرزە بەدەست بهێنێت، جیا لەوەش یانەکە دەیەوێت لە خولی کوردستان وەکو ساڵانی رابردوو ناوێکی گەورە بێت، لە ئێستاشەوە کار بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە دەکات. سلێمان رەمەزان وەکو راهێنەری تیپ سەرپەرشتیی تیپی تۆپی پێی پێشکەوتووان دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش یانەکە گرێبەستی لەگەڵ ژمارەیەك یاریزانان لە یانەکانی دیکە کردووە و گرێبەستی ژمارەیەك لە یاریزانانیشی تازە کردۆتەوە، کارگێڕیی یانەی زێرەڤانی بە فەرمی هەریەك لە یاریزانان (حەسەن ئەحمەد، دلێر تەیار، محەممەد لەزگین)ی لە یانەی زاخۆ بۆ یانەکەی گواستۆتەوە، جگە





# نەفتی شیمال بە یاریزانی کورد بووە پاڵەوانی عێراق

تیپی فوتساڵی کچانی یانەی نەفتی شیمال-ی شاری کەرکووك کە بۆ یەکمجارە لەم یانەیە ئەو تیپە دامەزراوە، دوای ئەوەی لە شاری بابل یارییەکانی بە بەشداریی نۆ یانەی شارەکانی عێراق بەڕێوەچوو، کە هەر نۆ تیپەکە دابەشی سەر دوو کۆمەڵە کرابوون، یانەی نەفتی شیمال بە کۆمەڵێك یاریزانانی کوردی شاری هەولێر و کەرکووك بە ناوی نەفتی شیمال لە یارییەکانی ئەم پاڵەوانیەتییە لەسەر ئاستی عێراق بەشدارییان کرد، دوای ئەنجامدانی چەندین یاری، کچانی نەفتی شیمال توانییان خۆیان بگەیننە یاریی کۆتایی فوتساڵی عێراق، لە یاری کۆتاییشدا رووبەڕووی یانەی قوە جەوییەی شاری بەغدا بوونەوە، کە چەندین ساڵە پاڵەوانی عێراقە، لەم یارییەشدا کچانی کوردی کوردستان توانیان بە ئاست و بە ئەنجام لە کچانی قوەی جەوییە ببەنەوە بە ئەنجامی (٥-٣) گۆڵ و نازناوەکە بگەڕێننەوە بۆ باشووری کوردستان و کەرکووکی دڵی کوردستان، لەم بارەشەوە مەزن محەممەد یاریدەدەری راهێنەری یانەی نەفتی شیمال بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ژمارەیەکی زۆر لە یانەکان یاریزانی بەتوانایان هێنابووە ریزی یانەکانیان، کێبڕکێ بەهێز بوو، سەرجەم یاریزانەکانمان کوردبوون و خەڵکی هەولێر و کەرکووك بوون، لەگەڵ مامۆستا قاسم کە سەرپەرشتیی تیپەکەمانی دەکرد، توانیمان بۆ یەکمجار ئەو نازناوە بهێنینەوە شاری کەرکووك»، گوتیشی: «سوپاسی یەکێتی تۆپی پێی عێراقیش دەکەم کە هاوکاریی زۆری یانەکانیان کرد، یانەکەش داوای لە ئێمە کردووە کە گرێبەستی هەمیشەییمان لەگەڵ واژوو بکەن بۆ خزمەتکردنی تیپی فوتساڵ لە شارەکەیان، بۆ یەکمجاریش بووینە پاڵەوانی عێراق، خۆشمان ئامادە دەکەین بۆ جامی عێراق کە وا بڕیارە لەمانگی ١١ی ئەمساڵ بەڕێوەبچێت.»

لەم یاریزانانەش یانەکە هەریەك لە یاریزانانی (هەرژەنگ بابەکر، یاسر قاسم، ئەحمەد فازڵ، ئەحمەد حوسێن، رابەر خالد، هەرێم تەحسین، دڵشاد فەواز گۆڵپارێز، نیاز مەغدید، شێرزاد ئەحمەد، عیماد عیسا گۆڵپارێز، ئوسامە محەممەد، نەشوان محەممەد، هاوڕێ ئەنوەر، حوسێن فەیسەڵ) لە یانەکانی برایەتی و هەولێر و دهۆك و گازی باکوور هێناوەتە ریزی یانەکە. یانەی زێرەڤانی دەیەوێت ئەمساڵ لەگەڵ ساڵانی رابردوو جیاواز بێت و بێتە نێو کەشوهەوای کێبڕکێکردن لەسەر بەدەستهێنانی نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، یانەکەش تاکو ئێستا هیچ گرێبەستێکی یاریزانی پیشەگەری رانەگەیاندوە، بەڵام ئامادەکارییەکانیان دەستپێکردووە بۆ ئەوەی بتوانن لە خولەکەدا ژمارەیەکی گەورە بن.

